گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper2

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 05-05-2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 21-06-2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 28-02-2025

# شوناسی زمان لە پەندی پێشینانی کوردیدا

**پەرێشان خالد صابر[1] - سیروان جبار ئەمین[2]**
pareshan.sabir@uor.edu.krd sirwan.amin@soran.edu.iq

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

زمان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی کەسی و کۆمەڵایەتی هەر میللەتێک، هاوکات لەگەڵ خۆشیدا هەڵگری پێکهاتەکانی تری شوناسی نەتەوەییە، وەک کلتور و ئایین و مێژو، سیاسەت و.. هتد.

ئەوە ڕاستییەکی زانراوە کە "زمان" سامانێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، چونکە، زمان ئەمبارێکە، کە لەخۆیدا یادەوەری و نەریت و بیرکردنەوە و هەست و خولیای مرۆڤەکانی هەڵگرتوە. زمان وەک ئەرشیفێکی مێژویی وشە و دەستەواژە و زاراوە دەربڕینە جیاکانی تێدا تۆمارکراوە. بەواتایەکی تر، مێژوی ئەو بیرۆکە و ڕوداو هەست و نەستانەن کە بونەتە "وشە، ڕستە، دەستەواژە، لەبۆتەی زماندا پارێزراون. هەمو دەربڕینێک لە زماندا، دەرخەری بیرۆکەیەکە لە دەرەوەی خۆیدا، بۆیە دەکرێ بگوترێ؛ زمانی گەلێک، دەرخەری ڕاستی ناسنامەکەیەتی بە زیندویی.

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی ''شوناسی زمان لە پەندی پێشینانی کوردیدا'' ئەنجامدراوە. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی پەندە کوردییەکانەوە، دەتوانرێت بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی زمان نیشانبدرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەو پەندانە هەڵبژێردراون، کە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە زمان دەکەن. ئەمەش ئاشنابونە بەچۆنییەتی تێڕوانینی کورد بۆ زمان لە ڕوی چۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنان و ئاڕاستەکردن و پەروەردەکردنییەوە، ئەم توێژینەوەیە گۆشەیەکە بۆ ناسینی کورد لەڕێگەی کورد خۆیەوە نەک کەسانی بیانی. بۆ ئەم مەبەستە سود لە میتۆدی "وەسفی، شیکاریی" وەگیراوە، بۆ لێکدانەوەی ناوەڕۆکی ئەو پەندانەی، کە هەڵگری شوناسی زمانیین. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی ئەم پەندانەیە، کە وەک ئامرازێکی زارەکی شوێنپێی شوناسی زمانی نەتەوەیی کورد هەڵدەگرن و تێڕوانینێکی کوردانە بۆ چەمکی زمان نیشان دەدەن.

**کلیلە وشەکان:** شوناس، زمان، پەندی پێشینان، کورد.

## پێشەکی:

زمان گرنگترین پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەییە، چونکە زمان بناغە و سەرچاوەی کلتورە، خولقێنەری مێژوە، گرنگترین ئامرازی گواستنەوەی ئەزمونەکانە. مەعریفە و تێگەیشتنی مرۆڤ و دەفری هەڵگرتنی بیری نەوەکانی پێشو و فەرهەنگی باوباپیرانە.

دەکرێت وەک پێوەرێک سود لە پەندی پێشینان وەربگیرێت، بۆ نیشاندانی دەوڵەمەندی زمانی کوردی، چونکە پەندەکان ئەو بەهایانەن کە ئاماژە و زانیاری لەبارەی پرۆسەی مێژویی و تایبەتمەندییە کلتورییەکانی کۆمەڵگا لەخۆدەگرن، لە ڕێگەی زمانەوە. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە پەندەکان شێوازێکی کاریگەرن بۆ پێناسەکردنی زمانی نەتەوەیەک لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە یان دیاریکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

هەر زمانێک سیستمی پەند و پەندی تایبەتیی خۆی هەیە. پەندەکانیش ڕێساکانی زمان و توخمە کلتورییەکان لە پێکهاتەکانیاندا هەن. پەندی پێشینانی کوردی وەک ئاوێنەیەک ڕەنگدانەوەی هەمو تایبەتمەندییەکانیی نەتەوەی کوردی تێدا بەدیدەکرێت. یەکێک لەو تایبەتمەندییانە ئەو بەشەی پەندەکانە کە پەیوەندی بە پەروەردە و ڕاهێنانی زمانەوە هەیە، لە چییەتی و چۆنییەتی و چەندێتی ئاڕاستەکردنییەوە، دواجار ئەمە وەک شوناسی زمان لای نەتەوەی کورد خۆی دەنوێنێ. توێژینەوە لەسەر پەندەکانی زمانی کوردی لە ئەنجامی گەشەسەندنی هۆشیاری لە گرنگیی فۆلکلۆر، وەک یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی کلتوری کوردی، دێتە ئاراوە. بۆ تێکەڵکردنی تاک بە کۆمەڵگا و قوڵبونەوەی تێگەیشتن لە خود و دەوڵەمەندکردنی شوناسی تاکی کورد، گرنگیی پەندەکان لە پێکهاتن و ڕەنگدانەوەی کلتوری مرۆڤەکاندا، لە چوارچێوەی شوناسی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییان دەردەکەوێت. لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەخەینەڕو، کە پەندەکان وەک پۆلێکی گرنگ پەیوەندییان بە شوناسی زمانی نەتەوەییەوە هەیە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ''شوناسی زمان لە پەندی پێشینانی کوردیدا'' یە هەوڵێکە بۆ ناساندنی شوناسی زمانیی نەتەوەی کورد لەڕێگەی تێڕوانینی کورد خۆیەوە.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** زمان، وەک پێکهاتەیەکی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەیی، لە پەندەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە، لە هەمان کاتدا لە هەندێک حاڵەتدا جەخت لەسەر پاراستنی زمان و زاری ناوچەکە کراوەتەوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری کارەکەی ئێمە خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەو پەندانەیە، کە هەڵگر و دەرخەری زمانیین لەباشوری کوردستاندا و بەدیاریکراویش لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** (وەسفی، شیکارییە) بەپێی تیۆری شوناس خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ پەندە کوردییەکان کراوە و شوناسی زمانی تاک و کۆمەڵگای کوردی نیشاندراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** لەدو بەشی سەرەکی پێکهاتوە، هەریەکەیان دو تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێت: لە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا پەیوەندی نێوان شوناس و زمان خراوەتە ڕو. لەتەوەری دوەمیشدا باس لە ڕۆڵ و کاریگەری پەند کراوە لە پاراستنی زماندا. تەوەری یەکەمی بەشی دوەمی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی پراکتیکی بۆ ئەو پەندانە تەرخانکراوە، کە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە شوناسی زمان دەکەن. تەوەری دوەمیش تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی ئەو پەندانەی، کە

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵگری شوناسی زمانیین. پاشان کورتەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی خراوەتە ڕو. لە کۆتاییشدا ئاماژە بە چەند ئەنجامێک کراوە، لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوە سود لێوەرگیراوەکاندا.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان زمان و شوناس

سەرەڕای ئەوەی زمان ناسنامەیە، ناسنامەش لەڕێی زمانەوە خۆی بەرجەستە دەکات، لەهەمان کاتدا''زمان بنەڕەتێکی سەرەکییە لە ناساندن و دروستکردنی کەسێتیی تاک، بەگوزارشتێکی دی زمان، پەیکەری بیرو تێگەیشتنە، یەکێکە لە کۆڵەگە بنەڕەتیەکانی بونیادی خودوخودێتی''(بشار، کمال، ١٩٩٨: ١٩٣). زمان ڕێگای بیرکردنەوەیە لە هۆشی مرۆڤدا، یاخود لە هەست و هۆشی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا. بەڵام وشە یان قسە، وێنەی ئەو دەنگانە، یان هێما نوسراوەکانە کە دەیبیستین و دەیبینین، بۆ دەربڕین و گواستنەوەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی خود، بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر و ئەوانی تر. واتە زمان نەک هەر دەبێتە کەرەسەی دەربڕینو دواندن، بەڵکو بۆخۆی هەڵگری ناسنامەی خۆیەتی.

زمان پێکهاتەیەکی جەوهەری شوناسە، بێگومان شوناس لە چەند توخمێک پێکدێت، بەڵام زمان لە ناوەڕۆکی توخمەکانی شوناسدایە. فەیلەسوف و شاعیری ئەڵمانی "هێردەر" دەڵێت: ''زمانی باوک و باپیرە کۆگایەکە بۆ هەمو گەنجینەی فیکر، نەریت، مێژو، فەلسەفەی خەڵک و ئایین و دڵی خەڵک بە زمانەکەیان لێدەدات و ڕۆحیان لە زمانی باوک و باپیراندایە'' (عمر، احمد علي، ٢٠١٩: ٥٦). زمان کاریگەرترین پەیوەندی مێژوییە کە نەوە جیاوازەکانی نەتەوەیەک بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پەیوەندییەک، کە یەکگرتویی نەوەکان دەکاتە واقیعێکی بەرجەستە سەرەڕای تەمەنە جیاوازەکان، چونکە زمان دەفرەی ئەزمون و داب و نەریت و بیروباوەڕی جەماوەرییە و پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە. زمان دەتوانێت بەردەوامی ڕەوتی مێژویی لەناو خۆیدا بپارێزێت و بەر بە پچڕانی بگرێت لە ناو ئەو گروپ و ئەنتیک و نەتەوەدا. باو و باپیرانی ئێمە سەدان ساڵە مردون و نێژراون. بەڵام ئەمڕۆکە لە ڕێگای زمانەوە لە هەستەکانی ئەوان دەگەین، دەتوانین بزانین خەم و خەفەت، شادی و خۆشییەکانیان چۆن بوە و هەستی پێبکەین. زمان هۆکاری گرێدەرەوەی هەمو ئەوانەیە لە سەردەمی خۆماندا و هەروەها هۆکاری گواستنەوەیان بۆ نەوەی پێش خۆمان و ئەمڕۆکە لە ڕێگای زمانەوەیە کە دەیانناسین.

زمان یەکێکە لە ئاڵۆزترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و وەک "دەیل سپیندێر" ئاماژەی پێ دەدات، دیاردەیەکی بێ لایەن نییە و''زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی ئایدیاکان. بەڵکو خۆی فۆڕم دەدات بە بیرۆکەکان'' (الحفيان، فيصل، ٢٠١٨: ٥). لەم ڕوەوە پەیوەندیی شوناس لەگەڵ زماندا پەیوەندییەکی دیالکتیکی و کارلێککارانەیە، زمان بە تەنها ئامرازێک نییە بۆ دەربڕین و پەیوەندیکردن لەنێوان تاکەکاندا، نە بە تەنها پرسێکی زانست و کلتور و فێرکردنیشە، بەڵکو زمان بابەتی شوناس و ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەری نەتەوەیی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و دەرونییە. هەروەها زمان ئەرکی سەرەکی نوسینەوەی شوناسە لە هەمو وڵات و نەتەوەیەکدا ئامرازێکە بۆ هەستکردن بە جیهان و پۆلێنکردنی کۆمەڵگاکان. لەم چوارچێوەیەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە سەبارەت بە پەیوەندی زمان بە شوناسەوە؛ ئایا زمان شوناسە یان شوناس زمانە؟ کامیان لەناو ئەوی تردا یان دەفرەکەی ئەوی تردا هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانین بڵێین هەر زمانێک هاوکات هەڵگری شوناس و ناسنامەی مێژویی تاکێک یان گروپێکی مێژویی یان نەتەوەیەکە و دەربڕیدەبڕێت. بۆ

وێنە زمانی کوردی، هەڵگری شوناس و ناسنامەی ئەو خەڵکانەن، کە بەکوردی دەدوێن و قسەپێکەری ئەو زمانەن، کەواتە زمانەکە شوناسە بۆ کوردبونیان، چونکە کوردبونییان لە ناو زمانەکەیان ڕەنگدەداتەوە. بەدیوێکی تردا ئەم ڕونکردنەوەیە بۆ ئەم پرسیارەش دەشێت، کە دەڵێت: شوناس زمانە. لە بەرئەوەی هەمو پێکهاتەکانی شوناس لەنێو زماندا بونی هەیە، هەر لە کتور و ئاینەوە بگرە تادەگاتە مێژو و سیاسەت و ئابوری و بیرەوەری و نەژادی هاوبەش. کەواتە بەهەلە داناچین ئەگەر بڵێین: زمان شوناسە یانیش شوناس زمانە، چونکە پەیوەندییەیە پەیوەندییەکی دولایەنەیە.

"گۆتفرێد هێردێر" ''زمان بە شوناس و پێناسەکەری نەتەوە ناو دەبات'' (زاهیدی، مستەفا، ٢٠١٩: ٣٤). هەرچەند زمان تەنها هۆکار نییە بۆ دروستبون و شکڵگرتنی نەتەوەیەک، بەڵام یەکێکە لە بونیادە سەرەکییەکانی دروستبونی نەتەوە. لە ڕێگای زمانەوەیە کە هەمو لایەنەکانی کلتور لە دابونەریت، مێژو و کۆی تێڕوانینە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی نەتەوەیەک لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە. لە ڕاستیدا زمان یەکێکە لە نیشانە جیاکەرەوەکانی گەلان. هەمو زمانێک باری گەشەسەندن و بون و شوناسی نەتەوەیەک لە ئەستۆدەگرێت. وەک چۆن ئێمە لە ئێسکەکانماندا بارگرانی گەشەسەندنی بایۆلۆژی خۆمان هەڵدەگرین، زمان هەڵگری ناسنامەی تاکەکەسی و دەستەجەمعی نەتەوەیەکە.

زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە. یەکێک لە کۆڵەکەکانی ناساندنەوەی نەتەوەییە. کاتێک دەڵێین نەتەوەی کورد، واتە ئەو نەتەوەی بە زمانی کوردی قسە دەکەن لە هەمو پارچەکانی کوردستان یان لە وڵاتی جیاوازدا بڵاو بونەتەوە. کاتێک کەسێک دەڵێت من "کورد"م خۆی لە کۆیەکی گشتیدا دەبینێتەوە، کە ئەو کۆ گشتییە (نەتەوەی کورد)ە شوناس دەبەخشێت بە ئەو. واتە ''تاک شوناسی خۆی لە کۆیەکی گشتی وەردەگرێت. ئەو شوناسە لە یەک کاتدا هەم شوناسێکی تاکەکەسییە و هەم شوناسێکی گشتییە، تاک وەک پاژێک لە کۆیەکی گشتیتر کە نەتەوەیە خۆی پێناسە دەکات''(زاهیدی، مستەفا، ٢٠١٩: ٣٤). نەتەوەیەک کە هەڵگری زمانێکی تایبەتە، ڕەنگە جوگرافیای تایبەتی و کلتوری هاوبەشیان هەبێت و خاوەنی کۆمەڵێک هێڵی هاوبەش بن کە گرێیان دەداتەوە بە یەکەوە. زمان بە سروشتی خۆی تایبەتمەندی سەرەکی جیاکەرەوەی کلتورە، چونکە پەیوەستە بە کۆمەڵێک شتەوە: زار و بنزارەکان، مێتافۆر، پەند، حیکایەت، چیرۆک، شیعر، مۆسیقا .. هتد بۆیە ڕەهەندی زمانی لە کلتوردا ئامادەیە و هەمیشە توخمێکی ناوخۆیی هەیە.

لە نێوان زمان و شوناسدا پەیوەندییەکی دور و درێژ و بەیەکداچو هەیە، چونکە ''ئێمە زمانێک بە خەیاڵدا ناهێنین، بەو مانایەی کە باسمان کرد، کلتورێک بەرهەم نەهێنێت'' (کالفي، لویس جان، ٢٠٠٨: ٣٨). زمانەکە هەرچییەک بێت و کلتورەکە هەرچۆنێک بێت، کاریگەری و کارتێکردنیان لەسەر یەکتری هەیە. بەجۆرێک شوناسی کلتوری وابەستەی دەفرێکی زمانەوانییە، کە لە جەوهەری خۆیدا هەڵیدەگرێت، کارلێکی لەگەڵدا دەکات و دەیگوازێتەوە، بۆیە زمان و شوناس وەک دو بازنەن، کە بە سەریەکدا کەوتون و ناتوانرێت لە یەکتری ڕزگاریان بێت.

بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و شوناس، دەکرێت بۆ ماهییەتی ئەم چەمکانە بگەڕێینەوە، لەم بارەیەوە ''ناسنامە هەستکردن و پەیبردنە بە خود، ناسینی خود و کەسێتییە، یەکێک لە بنەڕەتە هەرە بنچینەییەکانیشی زمانە.

ناسنامە؛ زمانە، زمانیش؛ جەستەی بیرو پەیکەری تێگەیشتنە. تێگەیشتنیش بنەمای هۆشیاری و پەیبردنی تاک/ خودە، خودیش ناسنامەی لەم ڕێگایەوە دەردەکەوێ''(عەبدولقادر، بۆتان لەتیف،٢٠١٨: ٢٧). ئاشکرایە، کەوا زمان کاسەی هزرە و پێوەرێکی گرینگی ناسنامە و ئینتمایە و ئەو هەنبانەیەیە، کە سەرجەم میراتی گەل کۆدەکاتەوە و هەمو توخمەکانی هزر و

کلتورەکانی مێژوش لەخۆ دەگرێ. سەرەڕای ئەمەش ''زمان شوناسە، "ناسنامە"یش زمان نییە، بەو مانایەی زمان تاکە پێکهاتەی شوناس نییە، هەرچەندە یەکێکە لە گرنگترین ئەو پێکهاتانە، و بەپیتترین و قوڵترین و ئاڵۆزترینە''(نادر، جەلیل عەباس، ٢٠١٨: ٢١). پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە، پەیوەندی نێوان تایبەت و گشتییە، شوناس گشتگیرترە لە زمان. چونکە شوناس جگە لە "زمان" چەندین دەرکەوتنی هەیە، وەک چۆن ئەو (ناسنامە) بە سادەیی و سنوردار هیچ نییە جگە لەو برە هاوبەشانە یان چارەنوسی ڕێککەوتو لە نێوان کۆمەڵێک مرۆڤدا، ئەوەی کە جیایان دەکاتەوە و یەکیاندەخات و زمان تەنیا ئەوە نییە کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات و ئەمەش دەمانباتەوە بۆ پێکهاتەکانی تری ناسنامە.

بۆ بەرەوپێشچون و خزمەتکردنی زمان، واباشە بۆ بۆ کلتور و فەرهەنگی ڕەسەنی نەتەوەکەمان بگەڕێینەوە. بێگومان بۆ ئەمەش پێویستە لە کانیاوی ڕونی ئەدەبیاتی ڕەسەنی فولکلۆرەکەمان خۆمان پاراو بکەین و تینوێتیمان بشکێنین. گرینگیدان بە زمانی نەتەوەیی، هێمایەکە لە هێماکانی گرینگیدان بە خودی نەتەوە، چونکە زمان دەربڕی هەستی بە کۆمەڵی نەتەوەیە و بە چڕی گرێدراوە بە ناسنامەی نەوەکان و یەك هەڵویستی و یەکبونی ئامانج و یەکبونی هزریان وێنا دەکات. زمان دیارترین تایبەتمەندی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و هیچ شارستانیەتێك نەیتوانیوە بێ ڕابونی زمان لە مەیداندا سەوڵی خۆی لێ بدات.

پەندەکان لە پەروەردەی زمانی دایکدا جێگەیەکی گەورە و گرنگیان داگیرکردوە. دەکرێت هەمو تایبەتمەندییەکانی زمانەکە و دەوڵەمەندی وشەکان لە پەندەکاندا ببینرێت. ئەم بەهایانەش لە ڕێگەی نەریتەوە چەسپاون. ئەوان بە باوەڕپێکراو و پیرۆز دادەنرێن، چونکە تایبەتمەندییەکی نەتەوەییان هەیە. وشەکان بە بیری هاوبەشی خەڵک پێکهاتون.

## تەوەری دوەم: ڕۆڵ و کاریگەری پەند لە پاراستنی زماندا

سەبارەت بە پرسی شوناسی زمان لە پەندی پێشینانی کوردیدا، بەر لە هەمو شتێک کە دەگوترێ "پەندی کوردی" پەند بۆخۆی وەک پاژێک لە ئەدەبیاتی زارەکی دیارخراوە و بەبێ دیارخەرەکەی، کە "کوردی"یە بەکار نایەت. واتە وشەی پەند بەبێ ناوی نەتەوەیەکی دیاریکراو بەکارنایەت، بونی ناوی کورد وەک بەشێک لە وشەی لێکدراوی "پەندی کوردی" خۆی لە خۆیدا دەرخەری یاخود وێناکەری شوناسی نەتەوەییە لەڕوی زمانەکەوە. لە هەمان کاتدا پەند بۆخۆی کەرەستەکەیەکە لە زمان پێکهاتوە و زمانیش لە دەرەوەی نەتەوە بونی نیە و هەڵگری تایبەتمەندی نەتەوەییە. زۆربەی مێژونوسان دەڵێن ئەوەی کوردی لە لەناوچون پاراستوە زمانەکەیەتی. ئەم زمانە چۆن بە ئێمە گەیشتوە سەرەتا تەنها قسەکردن بوە و دەم بە دەم پشتاوپشت گێڕدراوەتەوە تا گەیشتۆتە ئەو سەردەمەی نوسین پەیدابوە ئینجا وردە وردە تۆمارکراوە.

کەواتە بۆ هەر زمانێك دو قۆناغ هەیە قۆناغی زارەکی و قۆناغی نوسین. قۆناغی نوسین هەمیشە لە دوای قۆناغی زارەکی دێت. بە گوێرەی زمانی کوردیش قۆناغی نوسین لە مێژوییەکی زۆر درەنگدا دەستیپێکردوە. لیرەدا یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی بونی کورد وەك گەلێکی زیندو زمانەکەیەتی، دەشێ یەکێك لە خاسێتە دیارەکانی مانەوەی کورد وەك پێکهاتەیەکی جیاواز لەوانی تر و سەرباری داگیرکردنی ولاتەکەی و کۆلۆنیاڵیکردنی کلتورەکەی، زمانەکەی بێت. ئەم زمانەش لە ڕێگەی شیعر و ئەدەبیاتەوە پارێزراوە، بەتایبەتیش ئەدەبیاتی زارەکی. ''دەوڵەمەندترین ئاستی ئەم زمانە ئەوەیە لە فۆلکلۆری کوردی و زمانی لادێدا هەیە، کە ئەویش بە مانای زمانی پێش مۆدێرنێتە یان زمانی پێش بونی ناسیونالیزم بە

بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی خاوەن شوناس دێت" (قەرەداخی، عەتا، ٢٠١٩: ٣). مرۆڤ تا قسەکردن و دەربڕینی خۆی بە نادیار دەمێنێتەوە و بە هەمان شێوە نەتەوە بە نادیار دەمێنێتەوە تا زمانەکەی بۆمان ئاشکرا دەکات، بۆیە ئاشنابون بەزمان، خۆخستنە ناو بیرکردنەوە و دڵی ئەو نەتەوەیەیە، چونکە لە ڕێگەیەوە مێژو و ناسنامە و کلتور و بەهاکانی دەناسین و بەو نۆرم و بەهایانە ئاشنا دەبین، کە باوەڕیان پێی هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە پەیوەندی نێوان زمان و شوناس پەیوەندییەکی یەکێتییە.

زمان وەک چەکی شەڕی شوناس و مانەوە لەناو ئەدەبیاتدا خۆی سەلماندوە، ئەم ململانێیە لە ناو هەمو قۆناغەکانی ئەدەبی کوردیدا بەدیدەکرێت. بەڵام ئەوە لە ئەدەبیاتی زارەکیدا زۆر بەجوانی خۆی نمایش دەکات، تا دەگاتە لوتکە. دەبینین ئەدەبی زارەکی بە هەمو بەشەکانییەوە ئەم جەنگە دەکات لەپێناو خزمەتکردنی زمان و مانەوەی میللەتی کورد، بۆیە چەندە هەبونی یەکگرتویی کورد گرنگە لەڕوی هێزو ئایدۆلۆژییەوە هێندەش هەبونی زمانێکی ستاندارد و یەکگرتو پێویستە وەک چەکێکی کاریگەر بۆ خۆناسین و شەڕکردنی شوناس و مانەوەی مێژو و میللەتی کورد بەزیندویی.

پەند مێژوییەکی دورودرێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانی کوردەواری و قۆناغی کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری و دواتر قۆناغەکانی تری گەشەسەندنی ژیانی کۆمەڵاتی و ئابوری و سیاسی و بیر کردنەوەی فەلسەفی عەقڵی کورد بە درێژایی هەمو ئەو قۆناغانە لەنێو پەندی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و بونی هەیە. واتە ئەگەر شارەزایان و لیکۆڵەرانی ئەم بوارە بێن لەهەمو لایانەکانی زمانی و فەرهەنگی و کلتوری و مێژویی و جوگرافیی و دەرونناسی و پەروەردەیی و کۆمەڵناسی و ...هتد لە پەند بکۆڵنەوە و شیکردنەوەی ورد و پێویستی بۆبکرێت دەتوانرێ کەرەستە و بابەتی باش و بەپێز بۆ لیکۆڵینەوەکان هەڵبێنجن، چونکە پەند ناوەرۆکێکی مەبەستداری هەیە لە ڕوی (زمان و فەرهەنگ و کلتور و مێژو و ...) مەبەستێکی گەورەی داهێنەرانی پەند و خەم خۆرانی ئەم بوارە بوە. بۆ ئەوەی دەماودەم و پشتاو پشت ئەم زانیاریانە بگوازنەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان و لە فەوتان ڕزگاری بکەن، چونکە ئەوکاتە نوسین نەبوە، هەشبوبێت زۆر کەم بوە بەهۆی داگیرکردن و زوڵم و ژێردەستییەوە کورد لێی بێبەش بوە. هەر لەبەر ئەمەیە دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی سەرنجی بەشێکی زۆر لە گەڕیدەکانی بۆخۆی ڕاکێشاوە، هەندێکیان دەوڵەمەندی ئەو فۆلکلۆرە بۆ نەخوێندەواری کوردەکان دەگێڕنەوە.

ئەم بۆچونە تارادەیەك لۆژیکانەیە و هەڵگری ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە، چونکە ئەگەر نوسین نەیتوانی ببێتە چەکی پاراستنی (زمان وکلتور و مێژو و شارستانییەت و ...) ئەوا گوتە و گوفتار و ئەدەبی سەر زاری خەڵك جێگای دەگرێتەوە و دەبیتە خاوەن دەسەڵاتی شارستانییەتی ئەو میللەتە.

پەند یەکێکە لە ئۆرگانە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی هەمو زمانێک و یەکێکە لە کۆنترین دەربڕینەکانی زمان، کە دەرخەری ئاوەز و بیری باوباپیرانمانە، ڕەگ و ڕیشەی لە داب و نەریتی نەتەوەیی و کلتوری گەلەکەماندا هەیە. کە نوێنەرایەتی کلتور و بەهاکانی ئەم وڵاتە دەکەن، لە ڕاستیدا پەندەکان توخمگەلێکی کلتوری زیندون کە هێشتا ئەرکێکی تایبەتیان لە ژیانی مرۆڤە ئاساییەکاندا هەیە.

پەندی پێشینانی کوردی جێگەی سەرنجی زۆرە لە بوارە زۆرەکانی زمان و توێژینەوەی کلتوریدا. لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ڕون و سادە، کە پڕە لە مانا. بەها بەرزەکانی تێدایە، ئامۆژگاری دروست پێشکەش دەکات سەبارەت بە پراکتیزەکردنی باش و ڕێنمایی تەڵە ئەگەرییەکان، کە دەتوانرێت ڕۆژانە بەکاربهێنرێت. هەمو پەندەکان تایبەتمەندی خۆیان

هەیە، لە ڕوی زمان و شێوەی جیاوازی دەربڕین و مانا و کارکردنەوە. بۆ شوێنپێهەڵگرتنی شوناسی زمانی کوردی لە پەندی پێشینان‌دا.

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم: شوناسی زمان لە پەندی پێشینانی کوردیدا (ئاماژە ڕاستەوخۆکان)

ئاماژە ڕاستەوخۆکان، بەگشتی ئەو پەندانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وشەی زمانیان بەکارهێناوە و گوزارشت لە ماهییەت و گرینگی چۆنییەتی و چەندێتی بەکارهێنانی زمان دەکەن.

بۆ نمونە کورد دەڵێت: **مرۆڤ لەژێر زمانیدا شاراوەیە.** (خاڵ، شێخ محممەد، ١٩٧٨: ٨٩) یان **ئینسان لە پشت زمانییەوە حەشاردراوە.** (عەلیزادە، خالید، ٢٠١٣: ٥٠) ئەم پەندە گوزارشتە لەوەی شوناس و دەرکەوتنی مرۆڤ لە زمانەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت. واتە کاتێک، کە تۆ قسەدەکەی دەناسرێ. زمان سیمای جیاکەرەوەی تاک و کۆمەڵیشە واتە بۆ نەتەوەش دروستە و زمانی هەر نەتەوەیەک دیارخەری ئەوەیە کە ئەو نەتەوەیە چۆن بیر دەکاتەوە. لە زمانی ئاخاوتنی هەرکەسێکدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، کە ئاماژە بە پێگە و چین و توێژی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پیشەی کەسەکە و تەمەن و ڕەگەزی دەکەن. هەروەها "بێنجامین لی وۆرف" یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی بیری زمانەوانی ئەمریکی دەڵێت: ''زمان تەنیا هۆکارێکی دەربڕین نییە، بەڵکو زمان بیرەکانیش دروستدەکات''(المناوي، محمد عبد الرؤوف، ١٩٩٠: ٦٢٢). هەر لەبەرئەوەشە تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتن و شێوازی بەکارهێنانی زمان، بە تایبەتمەندی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستن. بۆیە زمان پێناسەی بون و شوناسی مرۆڤ و کۆمەڵگایە.

ئینسانییەت و ڕۆشنبیری هەرتاکێک لەکاتی گفتوگۆکردندا دەردەکەوێت، هەروەک گوتراوە: **"بەهای سەر ئەوەیە، کە لەدەم دێتە دەرەوە"**. واتە کامڵبونی مرۆڤ لە زمانەکەیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، هەروەک چۆن جوانی مرۆڤ قسەکردنی زمانییە. بەم شێوەیە پێکهاتەی ئەندێشەی تاکەکەسی، هاوکات ڕۆحی نەتەوەشە و لە دەرەوەی زمان هیچ نەتەوە و ئیتنیکێک ناتوانێ پێناسەی خۆی بکات. زمان لە چۆنییەتیی بیرکردنەوە و پەروەردەی تاک و کۆمەڵدا دەوری سەرەکی دەگێڕێت. هەروەها زمان جیاوازیی ناسنامەی نەتەوەیی "من و ئەو" دیاری دەکات، لەڕێگەی زمانەوە دەتوانێ بوی خۆت بسەلمێنی.

ئەم دەورە گەورە و گرنگەی زمان پەیوەستە بە چۆنییەتی بەکارهێنانییەوە. بۆ نمونە کورد دەڵێت: **زمان چۆنی بگێڕی ئەگەڕێ. یان زمان ئەسپی خۆتە.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ٢٤٧٤) **زمان ئەسپی سەرکێشە، لەغاوی کە و ڕایکێشە.** (ڕەسول، عیزددین مستەفا، ١٩٧٠: ٨٧) وێنای زمان بەجۆرێک نیشان دراوە وەک سیستەمێکی ڕێکخراوی دەنگی لە ژێر دەسەڵاتی خودی مرۆڤ خۆی دایە و دەتوانێت پەروەردەی بکات و گەشەی پێبدات بەوجۆرەی کە خۆی دەیەوێت. ''تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، هۆشیاریی زمانییان سەبارەت بەجیاوازیی زمانی چین و توێژە جیاوازەکان هەیە و لە ئاخاوتنەکانیاندا پەیڕەوییان دەکەن''(نایف، خرما، ١٩٩٨: ٨٨١). واتە ئاخێوەرانی یەك زمان، وەکویەك زمانەکە بەکارناهێنن و جیاوازییان هەیە. گەشەی ڕۆشنبیریی تاك، بەشێوەیەکی تایبەت، گۆڕانکاریی گەورە لەزمانی تاکدا دروست دەکات، بە تایبەت لە وشە و پێکهاتە زمانییەکاندا، تەنانەت لە چۆنییەتی گۆکردنی دەنگەکان و دەربڕینی ڕستەشدا ڕەنگدەداتەوە.

هەروەها ئەم پەروەردەکردنەی زمان کاردەکاتە سەر چۆنییەتی ئاڕاستەکردنی، لەم بارەیەوە پەندمان هەیە دەڵێت: **زمان هەم کانی شەڕە و هەم کانی خێر و سەرچاوەی زەڕە.** (دەباغی، مەلا غەفور، ٢٠١٠: ٣٥٧) یان **زمان لە هەموشتێک شیرین ترە، لە هەموشتێکیش تاڵترە.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ٢٤٧٤) لەم پەندانەدا وێنای ئاڕاستەکردنی زمان نیشاندراوە، بەهەر دو باری ئیجابی و سلبیدا. بەجۆرێک لە ژێر جڵەوی مرۆڤ دایە و دەتوانێت بەچاک و خراپ بەکاریبهێنێت. بێگومان ئەگەر ئەو زمانە بەخێر و چاکە گەڕا ئەوا ئاکامی شیرینی دەبێت بۆ خاوەنەکەی، بە پێچەوانەشەوە لەشەڕ و خراپەکاریدا بەکار هێنرا ئەنجامی تاڵی دەبێت. بەم پێیە زمان سەرچاوەی هەمو خۆشبەختی و بەدبەختییەکانی مرۆڤە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمو کارەکانی بەستراونەتەوە بە شێوازی ئەو زمانەی بەکاریدەهێنێت. فەیلەسوفی ئەڵمانی "هایدگەر" دەڵێت: ''زمانمماڵی منە، ماڵ و سەقاممە، سنوری جیهانی ئینتیمی منە، سیما و زەوییەکەیەتی و لە پەنجەرەکانییەوە و لە چاوەکانییەوە من سەیری باقی گەردونی فراوان دەکەم'' (علوان، محمد السید، ١٩٩٩: ١١٩). واتە زمان کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات و لە ڕێگەی ئەو ژینگەیەی کە بۆی ڕەخساوە ئاڕاستەی دەکات بۆ ئەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێ، نەک تەنها بەهۆی وشەسازییەوە، بەڵکو بەهۆی شێوەی پێکهاتەی ناوەکییەوە، کە دواتر لە ڕێگەی وشەسازی و پێکهاتە زمانییەکانەوە بە وەرگر دەگات و ئەمیش دوبارە لە زهنی خۆیدا ئەم پێکهاتە زمانییانە دەگۆڕیت بە بیرکردنەوە.

سەبارەت بە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان کورد دەڵێت: **مار بەزمانی خۆش لە کون دێتە دەر.** (سائیب، مستەفا وکاکینە، ٢٠٠١: ٦١) **مار بەقسەی خۆش لە کون دێتە دەرەوە.** (ڕەسول، عیزددین مستەفا، ١٩٧٠: ٨٨) یان **بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر.** واتە مرۆڤ بە زمانی شیرین دەتوانێت بەسەر هەمو کۆسپێکدا زاڵ بێت. لێرەدا زمان دەوری فریادڕەسێک دەبینێت، کە دەکریت مرۆڤ لە تەنگانەدا هانای بۆ ببات و ڕۆڵ و ئەرکی خۆی ببینێت، ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی ئەرێنی بەکاربهێندرێت، چونکە زمان بنەما و ئامرازێکی سەرەکی بنیادنان و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. زمان، گەیەنەرو وروژێنەری هەستە، دەربڕینی گونجاومان بۆ بیرۆکەکان و هەستەکان پێدەبەخشێت. لەلایەکی تریشەوە ڕەفتاری تاك بەمەبەستی گونجانی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵدا ڕێکدەخات، جگە لەوەی ئامرازێکی کاریگەرە لەچۆنییەتی ئاخاوتندا بۆیە پێویستییەکی سەرەکیی تاک و کۆمەڵە. هەر بەهۆی زمانیشەوە مرۆڤ لەکۆمەڵدا شوێنی خۆی دەکاتەوە، یان وادەکات پەراوێز بخرێت. بۆ نمونە پەندمان هەیە دەڵێت: **زمان دێوی ئەشکەوتە.** (خاڵ، شێخ محەمەد، ١٩٧٨: ٩٧) یان **زمان مارە و گورگی هارە.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ٢٤٧٦) لەم پەندانەدا وێنای زمان وەک و زیندەوەر و ئاژەڵێکی دڕندە کێشراوە، کە مەترسییە بۆ دەوروبەر، ڕۆڵەکەی لە ڕێکخەری پەیوەندییەکان و ڕایکەری ئیشوکارەکانی مرۆڤەوە گۆڕاوە بۆ فاکتەری ترس و تۆقاندن و سەرچاوەی ئێش و ئازار، لەناو کورددا کەسێک بەزمانی ئازاری خەڵک بدات و سڵ لە هیچ نەکاتەوە، پێیدەڵێن: **"زمانی چزدارە"**. بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانەوە. کەواتە زمان هەر یەک زمانە ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی پێچەوانە دەکاتەوە چۆنییەتی بەکارهێنانییەتی لەلایەن خودی ئاخێوەرانی هەر زمانێکەوە. ئەم چۆنییەتی بەکارهێنانەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تاکەکان تیایدا گەورەبون. هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر شێوازی بەکارهێنانی زمان، چونکە ''ڕەفتاری تاك، بەرهەمی هەڵکەوتەی ژینگەکەیی و بارودۆخی دەوروبەری و پێکهاتەی کەسێتی خۆیەتی'' (القذافي، رمضان محمد/ الدويبي، عبد السلام بشير، ٢٠١٠: ١٢١). کەواتە بەپێی ئەم بۆچونانە زمان هەم دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە هەمیش دیاردەیەکی خودییە.

هەروەها پەندمان هەیە دەڵێت: **زوانی وەک مقەس ئەبڕێ هەموکەس.** (دەباغی، مەلا غەفور، ٢٠١٠: ٣٢٤) زمان وەک ئامێرێکی ڕەق و بریندارکەر وێناکراوە و خراوەتە وێزەی مرۆڤەکانەوە. ئەمەشیان نیشاندانی خراپ بەکارهێنانی زمانە، کاتێک مرۆڤ زمانی لەهیچ ناگێڕێتەوە بەڕاست و بەچەپ ئەوەی بێتە سەرزاری دەیڵێت بەم جۆرە تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسوتێنێت. یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی زمان، کە لەم پەندەدا بەکارهاتوە، ئەمیش بریتییە لە شێوازیی زمانێکی زبر و بریندارکەر، کە وروژێنەرێکی نەرێنییە.

بێگومان کەڵەکەبونی ئەم جۆرە هەستە، بەشێوەیەکی گشتی، دەبێتە هۆی دروستبونی ململانێ و ڕقوکینە، لە کۆتاییشدا کاریگەری وێرانکەر بەجێدەهێڵێت، لەسەر پەیوەندی کەسەکان لەسەرئاستی کۆمەڵ و تاکەکانیشدا. هەر لە ناو پەندی کوردیدا وەک و کاردانەوەیەک لە ئاست بەکارهێنانی ئەم شێوازی زمانە گوتراوە **زمانی درێژ بۆ بڕین باشە.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ٢٤٧٢) کەواتە بەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانە زبرو ڕوخێنەرە پەسند و شیاو نییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵکو هەوڵی بنەبڕکردن و نەهێشتنی دەدرێت. لەگەڵ ئەوەی زمان فاکتەرێکی کاریگەر و گرنگە لەژیانی مرۆڤدا، بەڵام کە چۆنییەتی بەکارهێنانەکەی بۆ ئەم شێوازە نەرێنییە گۆڕا ئەوا نەبونی باشترە لە هەبون. ئەگەر بێت و بەر بەم جۆرە زمانە نەگیرێ و جڵەو نەکرێت ئەوا دەبێتە هۆی دەردەسەری و بەهیلاک چون و تەنانەت لەناو بردنی خاوەنەکەشی، لەم بارەیەوە پەندمان هەیە دەڵێت: **زمان کایە ئەکا بەسەر** یان **زمانمان لەگەڵ سەرمان شەڕ دەکات.** واتە گاڵتە بەسەر دەکات و لەوانەیە ڕۆژێک زایەی بکات، دەکرێت یاریکردنە بە هەردو دیوی ماددی و مەعنەویش لێکبدرێتەوە، هاوکات دەکرێت لەسەر ئاستی تاک کۆمەڵگاش خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەجۆرێک لەسەر ئاستی گشتی زمانی هەر نەتەوەیەک، هەڵگری کلتور و ڕۆشنبیری بەرهەمی هەرمان و بەرجەستەی پێشینییانی ئەو نەتەوەیە پێک دەهێنێت. ژیانی هیچ نەتەوەیەک، جودا نییە لە زمانەکەی، زمان لە لای نەتەوەکان، وەکو **"چێشتی ڕۆح"** ناوی لێنراوە و خەڵک بە درێژایی مێژو لەگەڵیدا ژیاوە. مادام زمان ڕۆحی نەتەوەیە، کەواتە مانەوە و بە پێوە وەستانی بەستراوەتەوە بە هەژمونی زمانەکەیەوە. لیرەدا ململانێیەکە وەک هاوکێشەیەکی ڕاستەوانە دەردەکەێت. خزمەتکردن و گەشەکردن و بەرهەمدارکردنی زمان دەبێتە هۆی پاراستنی نەتەوەوە و زیندومانەوەی، چونکە ئەوە "زمانە پێناسەی بون بە باڵای نەتەوەدا دەکات. ئەگەر هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی خاوەنداریێتیی دەسەڵاتی خۆی بکات و خاوەن دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ بێت، ئیتر ئەوە لە ڕەوتێکی ئاسایی و خۆڕسکانە زمان دەبێتە کۆڵەکە و ئەستوندەکەی و قورس و قایم ڕایەدەگرێت و هیچ گژەبایەک نایلەرزێنێ" (شەریف فەلاح، ٢٠٢٠: ٢٩). ئەمە لەسەر ئاستی تاکیش هەمان دەرئەنجامی دەبێت. هەرتاکێک چەندە گەشە بەزمانی خۆی بدات و وەبەرهێنانی تێدا بکات و بەشێوەیەکی ئیجابی ئاراستەی بکات، ئەوەندە خۆی لە کێشە و ئاریشەکان بەدوردەگرێت و دەبێتە هۆی ئارامی و ناو و ناوبانگی باش لەسەردەمی ژیان و تەنانەت دوای مردنیشی.

بەپێچەوانەشەوە نەزانینی بەکارهێنانی زمان و بەبڕشتنەکردنی واتە بەرهەمدارنەکردنی خاوەنەکەی بە ئاقارێکی خراپدا دەبات دەبێتە هۆی بە هیلاک چون و تەنانەت لە گۆڕنان و مردنیشی. ئەمە لەسەر ئاستی تاک و گشتیشدا هەمان دەرئەنجامی دەبێت. پەندیی کوردیمان هەیە لەم بارەیەوە دەڵێت: **زمانی سور سەر ئەدا بەبا.** (خاڵ، شێخ محممەد، ١٩٧٨: ١٠٢) یان **زمانی نەزان کلیلی گۆڕیەتی.** (گۆران، یاسین حەسەن، ٢٠٠٦: ١٠٥) ئەم پەندانە دەرخەری پێگەی گرنگیی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانن و زمان بە هۆکاری بون و مانەوە و پارێزەری شوناس دەزانن. لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا بەداگیرکردن و لەخشتەبردنی زمانمان هەوڵی لەناوبردن و لەگۆڕنانمان دەدرێت بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین. "زمان، ئەگەر بۆ

کەسەکان ئامرازی تێگەیشتن بێت، بۆ نەتەوە زۆر لەمە زیاترە، دەبێتە ناسنامە و ڕۆحی نەتەوە"(وافي، علي عبد الواحد، ٢٠٠٣: ١٠). کەواتە گرنگی زمان بەتەنها لە ناسنامە و هەست و سۆزی تاکەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکو لە سیاسەت و ئیدارە و بازرگانی و جیهانبینی و مرۆڤبون گرنگتر بەدیاردەکەوێت.

هەروەها پەندیشمان هەیە دەڵێت: **زوانی یان زمانی بەبرشتە** (عەلیزادە، خالید، ٢٠١٣: ٥٤) واتە زمانی بەرەکەتدارە و پیت و فەڕی زۆرە و سەرچاوەی ئارامی خۆشبەختییە بۆ خاوەنەکەی و دەوروبەریشی. بۆتاک بەرەکەتدار بون بەمانای ئاراستەکردنی زمانی دێت بەشێوەیەکی ئیجابی لە بەرژەوەندی خۆی و دەوروبەریدا بەم جۆرە هەم خۆشەویست دەبێت هەمیش پێویستییەکانی دابین دەکات، زمان یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا و کەسانی دیکە، کە کاروباری خۆمانی پێ جێبەجێبکەین. هەر لە ڕێگەی زمانەوەیە، کە پەیوەندی ڕابردو و ئێستا و داهاتو گرێ دەدرێ و لە هەمان کاتیشدا بەبێ زمان ئەم پەیوەندییە نامێنێ و لەناو دەچێ. چونکە زمان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە هەمو کایەکانی ژیاندا. "زمان ئەو هێزە شاراوەیە کە تاکەکان دەجولێنێت و کۆمەڵگاکان ئاراستە دەکات" (وافي، علي عبد الواحد، ٢٠٠٣: ٧). لەبەرئەوەی هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان، لە ئارادا نییە، کەوایە سەرلەبەری بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و هەست و هۆش و بیرکردنەوەی لە زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت. لەسەر ئاستی گشتیشدا بەبرشتبون واتە بەپێزی و خۆڕاگری زمان لەبەردەم ئاستەنگەکان و پاراستنی شوناسی ئەو نەتەوەیە لەهەڵدێرە سەختەکاندا، بێگومان ئەم بەبرشتکردنەش وەک و ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی ئاخێوەرانی ئەم زمانە.

پەندێکی ترمان هەیە دەڵێت: **بەزمانی شێر دەبەستێتەوە.** (گۆران، یاسین حەسەن، ٢٠٠٦: ١٠٣) لەم پەندەدا وێنای بەهێزی زمان نیشان دراوە، بەجۆرێک، کە چۆن شێر ئاژەڵێکی بەهێز و دڕندەیە و پاشای دارستانە، زمان لەو بەهێزترە و دەتوانێت بەسەریدا زاڵبێت بەڵام چۆن؟ ئەم بەهێزییە چییە و لە چییەوە سەرچاوەدەگرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکرێ بۆ پەیوەندی نێوان بیر و زمان بگەڕێینەوە، چونکە بەهێزی و کاریگەری هەر زمانێک پەیوەستە بە تیروانین و جیهانبینی تاکەکانی ئەو نەتەوەیەوە، کە بەو زمانە دەدوێن. ئەوە زمانە بۆتە هزرییەکانی مرۆڤ نیشان دەدات. کەواتە "کەسێك کە فەرهەنگی زمانی سنوردارە، بیرکردنەوە و هەستیشی سنوردار دەبێت، هەروەها کەسێك کە فەرهەنگی زمانی ڕون نەبێت بیرکردنەوەشی ڕون نابێت، بەپێچەوانەشەوە.." (داود، محمد محمد، ٢٠١٩: ٢١٨). بونیادی سەرەکی بیرکردنەوە زمانە، بەم پێیە زمانەکە بەهێزبێت واتە بیرکردنەوەکە بەهێزبوە و ڕەنگدانەوەی خۆی نیشان داوە لە نێوان ئەو سیستەمە هێمایە، کە پێیدەڵێین زمان. ئەم پەندە نیشاندانی شوناسی زمانە لە ڕوی بەهێزییەوە، کە لە بەهیزی هزر و بیرکردنەوەوە سەرچاوە دەگرێت. مرۆڤ بەقەد ئەو زمانەی، کە دەیزانێ و بەکاریدەهێنێت، سنوری بیرکردنەوەی دیاریدەکرێت. بۆیە بۆ ناسینەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک دەبێت بۆ زمانەکەی بگەڕێینەوە و داوای یارمەتی لێبکەین.

لەگەڵ ئەوەی زمان کاریگەری خۆی جێدەهێڵێت لەسەر هەمو کایەکانی ژیان، لە هەمان کات ئەو گرینگییەشی بەستراوەتەوە بە چەندییەتی بەکارهێنانی. کورد دەڵێت: **زمان یەکە و گوێچکت دو، زۆر بیستە و کەم بدو.** (دەباغی، مەلا غەفور، ٢٠١٠: ٣٢٥) یان **زمان قورس و گوێ سوک بە.** (خاڵ، شێخ محەممەد، ١٩٧٨: ٣٥٧) لەم پەندەدا گرینگی و کاریگەری زمان بەستراوەتەوە بە ڕادەی بەکارهێنانی، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبین پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان قسەکردن و بیستندا هەیە، بەجۆرێک تا قسەکردن زۆر بێت، گوێگرتن کەمدەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە.. ئەم کەم گوێگرتنەش فەرهەنگی زمان لاواز دەکات، چونکە مرۆڤ کاتێک، کە قسە دەکات ناتوانیت گوێبگرێت، بەم جۆرە بەردەوام لە دەوری ئەو مەعریفە سنوردارەی، کە هەیەتی دەخولێتەوە. سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ بە سروشت وا دروستکراوە بەردەوام

پێویستی بەوەیە فێربێت و زیاتر بزانێت. ئەم زیاتر زانینەش بە خوێندنەوە و گوێگرتن دەبێت و دواتر لە فەرهەنگی زمانی ڕەنگدەداتەوە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانەکەشی و دەتوانێت وەبەرهێنانی تێدابکات.

هەروەها ئەم کەم قسەکردن و گوێگرتنەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ جوڵاندنی هزری مرۆڤ و بیرکردنەوەی. لەلایەنی سایکۆلۆژیشەوە ''گەشەی زمانی منداڵ و فێربونی کەرستە زمانییەکان لەژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا، هاوشانە لەگەڵ گەشەی توانای هزریی منداڵ بەگشتی'' (مریم سليم، ٢٠١٩: ١١٨). واتە فێربونی زمان، واتای گەشەکردنی ئەرکە باڵاکانی تری مێشك دەگەیەنێت، کە لەگەڵ لەدایکبونیدا نەبون. منداڵ بەگوێگرتن لەدایک و باوک و ئەندامانی خێزانەکەی زمانی زگماکی فرچک دەگرێت و باڵا دەکات. لێرەوە تێدەگەین باب و باپیرانی ئێمە لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بون، چەندە خەمخۆر و لێزان و هۆشیار بون سەبارەت بە چۆنییەتی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیان. بۆیە لەبری خوێندنەوە گوێگرتنیان هەڵبژاردوە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی تاک.

زمان بە گشتی بەو دەفرە دادەنرێت کە هەمو بوارەکانی ژیان لە باوەش دەگرێت و هەڵیدەگرێت و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە و ئەگەر نیعمەتی زمان نەبوایە، کە خودا بە مرۆڤەکانی بەخشیوە، ئەوا گەلان شارستانییەتەکانی دیکەیان بە میرات نەدەگرت و سودیان لە وانەکانی ڕوداوەکان و عەقڵی داناکان وەرنەدەگرت. لە گەڵ هەموئەمانەشدا دەبێ زمان سنورداربکرێت لە بەکارهێناندا. پەندمان هەیە لەم بارەیەوە دەڵێت: **زامی زوبان قەت سارێژ نابێ.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ٢٤٨٥) ئەم پەندە جەختکردنەوە لەسەر گونجاوی و کاریگەری زمان لە چۆنییەتی قسەکردندا و بەهۆکار زانینی زمانە لە زامدارکردنی مرۆڤدا. ئەگەر ئەو ڕاستییە بخەینە بەرچاو، کە مرۆڤ هەرچی دوچاری دەبێتەوە و بەدەستی دەهێنێت، سەرچاوەکەی لەزمانی خۆیەوەیە. هەر بۆیە پێویستە مرۆڤەکان بزانن چۆن زمانەکەیان بپارێزن و بزانن چۆن و چەند و لەکوێ بەکاریدەهێنن، بۆئەوەی دەوروبەریان بریندار نەکەن. کورد دەڵێت: **پردەبیتەوە جێی خەنجەران، چاك نابێتەوە جێی کەسەران.** (دەشتەکی، عومەر شێخەڵلا، ٢٠٠٦: ٥٢) واتە هەمو برینێک دەرمانی هەیە و چاک دەبێتەوە تەنانەت برینی خەنجەریش، بەڵام ئەو برینەی زمان دروستی دەکات دەردێکی بێدەرمانە و سارێژبونی ئەستەمە. هەروەها پەندێکی ترمان هەیە دەڵێت: **زمانت بگرە دەستم بەدامان...تاماوی بڵێ ئەی زمان ئامان.** (عەلیزادە، خالید، ٢٠١٣: ١١٠) لێرەدا زەنگی ئاگادار کردنەوەیە بۆ قسەکەر بۆ دانانی سنورێک بۆزمانی، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی پەشیمانی بۆ قسەکەرەکە و ئازاری ویژدانی بۆ دروستنەکات. کەواتە نەزانینی بەکارهێنانی زمان هەر بەتەنها ئازاری بەرامبەر نادات بەڵکو هەرکەسێک، کە بەئاگابێت و هەستی مرۆڤایەتی زیندو بێت، کاتێک ئازاری بەرامبەری دەدات بەزمانی هەستی پەشیمانی بۆ دروست دەبێت و خۆشی دوچاری ئازاری دەرون دەبێتەوە، چونکە''هەمو کۆدەکانی ئینسانبونی مرۆڤ لە نێو زماندان، ئاستەکانی گەشە و پەرەسەندنی عەقڵ و هۆشی هەرتاک و کۆمەڵە و گروپ و نەتەوەیەکیش هەر لەنێو زمانەکەیدا دەخوێندرێتەوە و دەپێورێ'' (حوسێن، محەمەد تەها، ٢٠١٨: ٢٤٧). هەرچی مرۆڤ دەیکات لەزمانیدا شێوە وەردەگرێت. زمان بابەتێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بونی مرۆڤ و دیاردەکانی دەرکەوتنییەوە لەهەردو ڕوی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە.

## تەوەری دوەم: شوناسی زمان لە پەندی پێشینانی کوردیدا (ئاماژە ناڕاستەوخۆکان).

ئاماژە ناڕاستەوخۆکان، لێرەدا ئەو پەندانە دەخەینەڕو، کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ گوزارشت لە زمان دەکەن، بەشێوەیەک زۆرجار لەبری وشەی زمان وشەگەلێکی تری وەک (قسە، گوتە، گوتن، وێژە، زار، دەم، دەنگ) بەکاردەهێندرێت.

زمان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات تادەگاتە شێوەی کۆتایی، کە هێما ڕەمزییەکانە. واتە مرۆڤ لەڕێگەی کردەیەکی هزرییەوە ئەو بیرکردنەوانەی، کە لەمێشکیدا گەڵاڵە بوە دوای تاوتوێکردن و ڕێکخستنییان لە چوارچێوەی زماندا دەیانخاتەڕو. لەم بارەیەوە پەندمان هەیە دەڵێت: **قسە بجاوە، ئەوسا بیهاوە. یان قسە بکوڵێنە، ئەوجا دەریپەڕێنە.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ١٤٤٩) یان **تارەوانی ئەکەیت قسە مەکە.** (سائیب، مستەفا و کاکینە، ٢٠٠١: ٣٦) یان **قسە بیگێژە بیبێژە بیوێژە.** (خاڵ، شێخ محمەد، ١٩٧٨: ٣٥٥) **قسە بیچێژە، بیبێژە، بیوێژە.** (کانی هەمزەیی، بەکر، ٢٠١٥: ٢٤٩) تێڕوانینی کورد بۆ زمان لەم پەندانەدا تێڕوانینێکی ورد و لۆژیکانەیە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە چۆنییەتی دروستبونی پرۆسەی زمان کراوە. بەجۆرێک لەم پەندانەدا وشەی قسە بەکارهێنراوە، بەڵام دیسانەوە گوزارشت لەزمان دەکات و کاتی بەکارهێنانیمان بۆ دیاریدەکات، ئەویش پاش بیرکردنەوە و تێفکرینە ئینجا گۆکردنییەتی. واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە پێکهاتە و چۆنییەتی دروستبونی زمان دەکەن. چون زمان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی پۆلێک لە مرۆڤەکانە. دەربڕینی ئەم بیرکردنەوەیەش یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی زمان. کەواتە ''ماناکان لەزماندا هێما وەردەگرن و دەپارێزرێن و وردەوردە گەشە دەکەن، لەزماندا هزر وەردەگێڕدرێتە سەر وشە و دەنگ و سیمبولیزە دەبێ'' (حوسێن، محەمەد تەها، ٢٠١٨: ٢٦٠). لێرەوە، ئەم پەندانە پێمان دەڵێن ئەو زمانەی کە ئێمە پێی دەدوێین و ڕۆژانە ئیش و کارەکانی خۆمانی پێ ڕاییدەکەین، بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت. سەرەتا مێشک لە ڕێگەی بیرکردنەوە، کە کردارێکی هزرییە زانیاری و داتاکان ڕێکدەخات، سەبارەت بە بابەتێک یاخود بڕیاردان لەسەر شتێک، بەڵام ئێمە هەست بەو بیرکردنەوەیە ناکەین ناتوانین سەرنجی بدەین تا لە بۆتەی زماندا خۆی نمایش نەکات.

مرۆڤ دوای قۆناغەکانی بیرکردنەوە و تێگەیشتن دەتوانێت بەباشی بدوێت. لەو ڕێڕەوەی کە زمان ڕێیپێداوە. سەرەڕای ئەوەی کە زمان و بیرکردنەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەیەکدیەوە هەیە. ئەگەر تێبینی بکەین هەندێجار شتێک، کە لە خولیاو بیرکردنەوەدایە ڕەنگە خاوەنەکەی نەتوانێت ڕاستەوخۆ بە زمان دەریببڕێت. پێویستی بە هەڵوێستەیەک هەیە، لەوانەیە هێشتا واژەی ئامادەی نەبێت، بۆدەربڕینی ئەو بیرۆکەیە. ئەمەش دیسانەوە پەیوەستە بەوەی زمان بێلایەن و سەربەخۆ نییە، بەڵکو پڕە لە بەهاو نۆرمی کلتوری. واتە، پێوەر و بەهایەک، کە تاک دەبەستێتەوە بە سەرجەم کۆمەڵگە و بەهۆیەوە پەیڕەوی ئاکارو ڕەفتاری گشتی دەکات. ''مرۆڤ لەژێر چەمانەوەی زمانی خۆیدا حەشاردراوە نەک لەژێر زمانیدا'' (فرانکل، فکتور، ٢٠١٤: ٦٣). زمان پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی بەهێزە، دواتر ئەم بیرکردنەوەیە مانا دەبەخشێت بە ژیان و ئەو مانایانەش لەزماندا ڕەنگدەدەنەوە و گەشەدەکەن.

بەکارهێنانی وشەکانی وەکو (**جوین، کوڵاندن، بێژان، گێژان، چێژان**)، ئاماژەن بۆ پێکهاتە و ئامادەکردن و گونجاندنی ئەو بیرۆکانەی کە لەهۆشی قسەکەردا هەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شیاو و جوان لە بۆتەی زماندا خۆیان ڕێکبخەن. دواتر بگوازرێنەوە بۆ دونیای دەرەوە و خۆیان نمایش بکەن. ئەگەر بەم جۆرە بو هەم زمانی قسەکەر بەشێوەیەکی بەهێز و کاریگەر ئامانجەکانی دەپێکێت. هەمیش خۆی دەپارێزێت لە ئازاردانی دەوروبەر بەزمانی. کەواتە لاوازی و لەرزۆکی زمان پەیوەستە بە لەرزۆکی و لاوازی زهن و هزرەوە. بە پێچەوانەشەوە زهنێکی چالاک و هزرێکی بەهێز زمانێکی چالاک و بەهێز دێنێتە بەرهەم. هەر وەک گوتویانە **مرۆڤ لەدەمییەوە ئەڕوێ.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ١٧٨١) لەم پەندەدا وێنەی زمان شوناسی مرۆڤە. واتە گەشە و پێگە و گەورەیی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە وەی لەدەمییەوە دەردەچێت، کەبریتییە لەزمانی. زمان ڕۆحی ئەو کەسانەیە کە قسەی پێدەکەن. بۆیە هەر کۆمەڵە کەسێک زمانێکییان هەیە کە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگاکەیاندا دەگونجێت و گوزارشت لە کەسایەتییان دەکات. تاکەکانی لە کۆمەڵگایەکی تر جیادەکەنەوە و واقیعی

کۆمەڵگاکەیان لە هەمو ڕویەکەوە نیشان دەدەن، چونکە ''هەر یەکەیەکی زمانەوانی گوزارشت لە یەکەیەکی کلتوری دەکات'' (شەریف فەلاح، ٢٠٢٠: ٢٩). دەوڵەمەندی زمانەکەت واتە پێشکەوتنی شارستانیەت و بە پێچەوانەشەوە. زمانناسی ئینگلیزی **دەیڤید کریستاڵ** دەڵێت: ''مەرگی زمانێک مردنی نەتەوەیەکە'' (کریستال، دیفید، ٢٠٠٦: ٢٣). واتە بون و مانەوەی نەتەوەیەک بەزیندوێتی پەیوەستە بەزمانەکەیەوە. بەتایبەت بۆ نەتەوەی کورد هەر لە دێر زەمانەوە تاکو ئەمرۆ بەدرێژایی قۆناغە پڕ لە هەورازو نشێوەکانی مێژو زمان پارێزەری یەکەمی شوناسی کورد بونی ئەم نەتەوەیە بوە. کەواتە دەکرێ بگوترێ زمانی کوردی گوزارشتە لە نەتەوەی کورد. ئەگەر کورد نایەوێت وەک نەتەوەیەک بمرێت، ئەوا دەبێت بازاڕی زمانەکەیان پەرەپێبدەن و بەرەو پێشەوەی ببەن. لەم بارەیەوە باب و باپیرانمان سەرەڕای نەخوێندەوارییان هەنگاوی باشیان ناوە و ڕێنیشاندەریکی باشی ئێمە بون. قۆناغە مێژوییەکانیان تێپەڕاندوە. ئەوەندە بەسە ئەگەر بەڕێگای ئەواندا بڕۆین.

لە ناو کۆمەڵگای کوریدا زۆر گوتن پەسەند نییە. بۆ نمونە کورد دەڵێت: **بەدەم هەراشی پێکنایە ئاوات، لە بێخەبەران کەشکەک سەڵاوات.** (بەهرامی، ئەحمەد، ١٣٩٤: ٤٥) یان **ئەوەی زۆر بڵێ هەڵەی زۆرئەکات.** (فۆلکلۆر) لەم پەندانەدا لەبری وشەی زمان دەستەواژەی **(دەم هەراش، زۆربڵێ)** بەکارهاتوە، کە گوزارشتن لە زۆر قسەکردن. لێرەدا وێنایەکی خراپ و ناشرینی زمان نیشان دراوە، بەڵام کەی؟! لە وەڵامدا دەڵێین: بێگومان ئەو کاتەی ئاخێوەری زمان زیادەڕۆیی دەکات لە بەکارهێنانیدا. چونکە قسەکەر دەتوانێت هەرچی بییەوێت بە کورتی و پوختی بیگەیەنێت. هەر وەک دەڵێن: **قسە هەزارە دوانی بەکارە.** (دەشتەکی، عومەر شێخەڵلا، ٢٠٠٦: ٦٣) بەم جۆرە هەم ئامانجەکەی دەپێکێت، هەمیش دوردەکەوێتەوە لە بێپێزکردنی زمانەکەی. تەنانەت لە دونیای ماددیشدا هەر شتێک زۆر بێت بەهای کەم دەبێت، بۆیە لە پێناو سەنگ و نرخی زمانی قسەکردن، پێویستە ئاخێوەر دەست بە وشەوە بگرێت و لەکات و شوێنی پێویستدا نەبێت بەکارینەهێنێت.

هەر ئەم زۆر قسەکردنە دەبێتە دەبێتە بەڵاو دەردەسەری بۆ خودی قسەکەرەکە، لەم بارەیەوە پەندمان هەیە دەڵێت: **هێژن فرەوێژ لەخراپ و لە خاس، هەردێ بەدەمیا درۆیێ یا ڕاست.** (دەباغی، مەلا غەفور، ٢٠١٠: ٣٩٩) مرۆڤ لەکاتی زۆر گوتندا سەرەڕای لەدەستدانی سەنگ و قورسایی زمانەکەی بەهەڵەشدادەچێت و توشی ناڕاستگۆیی دەبێت، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا زمان کردارێکی ئاڵۆزە مرۆڤ پێش بەکارهێنان پێویستی بە بیرکردنەوە و تێڕامان هەیە. ''ئاخاوتنمان بیرکردنەوەیەکی دەرەکییە و بیرکردنەوەمان ئاختاوتنێکی ناوەکی'' (داود، محمد محمد، ٢٠١٩: ٢٢٠). واتە بیرکردنەوە جۆرێکە لە ئاخاوتنی ناوەکی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی ئەنجامی دەدات، کاتێک قسەکەر ئەم دەرفەتە نەرەخسێنێت بۆ زمانی بێگومان بەهەڵەدادەچێت و ڕاستی و دروستی ڕوداوەکان تێکەڵ دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە پێشینان دەڵێن: **زۆر گوتن پەشیمانی لەدوایە.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ٢٤٧٥)، چونکە زۆرجار لەزۆر گوتندا ڕاستی ون دەبێت. لەوانەشە لە ئەنجامی ئەو زۆر بڵێییە قسەکەر شتێک بڵێت یان نهێنییەک بدرکێنێ بەزەرەری خۆی تەواو بێت.

کورد دەڵێت: **سەگی زۆروەڕ، دز دەباتە سەر ماڵی خێوی.** (سائیب، مستەفا وکاکینە، ٢٠٠١: ٦٤) لەم پەندەدا وێنای زمان وێنایەکی نەخوازراوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت ئەگەر بێت و زمان بە ئەندازەی پێویستی خۆی بەکار نەهێندرێت زیانی بۆ خودی قسەکەرەکە هەیە. زمان وەک پارێزەری مرۆڤ نیشاندراوە، وەک چۆن سەگ پاسەوانی خاوەنەکەی دەکات لەکات و شوینی پێویستدا. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر مرۆڤ نەیزانی چۆن و چەند و لەکوێ زمانەکەی بەکاربهێنێت، هاوشێوەی ئەو سەگە زۆروەڕە لەبری پاسەوانی خاوەنەکەی بە هیلاکەت و لەناوچون دەبات. **هێژن هەڵەوەڕ چەشنی نەجیسە... تا چیلکەی تێخەی بۆگەنی پیسە.** (دەباغی، مەلا غەفور، ٢٠١٠: ٣٩٧) واتە زۆربڵێ وەک

پیساپی وایە، پێویستە خۆتی لێدوربگریت لەگەڵی نەدوێیت، چونکە دەورو بەرەکەی هەراسان دەکات. کەواتە لەم دو پەندەدا وێنەیەکی قێزەون و نەشیاوی زمان نیشاندراوە، کاتێک کە زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت.

ئاشکرایە کارلێککردنێکی بەهێز لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە. زمان ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگایە بە هەمو بوارە جیاوازەکانییەوە، لە هەمان کاتیشدا زمان ڕۆڵی لە گۆڕینی هەریەک لەم بوارانە هەیە. پەندمان هەیە دەڵێت: **تا گەورە نەڵێ لە ماڵان، چوکە نایڵێ لە بانان.** (سائیب، مستەفا و کاکینە، ٢٠٠١: ٣٥) **قسەی باوکان بۆ کوڕان سەنەدە.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ١٤٦٠) **ئەوەی نەکرایە نەگۆترایە.** (دەشتەکی، عومەر شێخەڵلا، ٢٠٠٦: ٦٣) **قسە شەوچەرەی مەجلیسە. یان قسە شەوچەرەی ماڵانە.** (بەهرامی، ئەحمەد، ١٣٩٤: ١٠٥) هەر یەک لەم پەندانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە زمان دەکەن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. پێمان دەڵێن؛ مرۆڤ لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا دەژیت زمانی چەکەرەدەکات. بۆ نمونە منداڵ وەک ئەندامێکی تازەی کۆمەڵ لە خێزانەکەیەوە زمانی دەپژێ و وردە وردە گەشەدەکات و کۆدەکانی ئەو کۆمەڵە وەردەگرێت، کە تیایدا گەورە دەبێت. بەجۆرێک نەک هەر زمانی دایک و باوکی، بەڵکو ڕەفتار و کرداری باوانیشی لە فەرهەنگی زمانی منداڵدا ڕەنگدەدەنەوە. زمان زادەی کۆمەڵگایە، هەرچی تایبەتمەندی مێژویی و کلتوری و دابونەریت و ڕەفتارو خو و ڕەوشتی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە هەیە لە زمانەکەیاندا خۆی خەملاندوە. کەواتە بە هێزبون و سستبونی زمان پەیوەستەبە خودی بەکارهێنەرانی ئەو زمانەوە، هەروەک چۆن کۆمەڵگا بە هەمو پێکهاتەکانییەوە فاکتەری بەهێزی دروستبونی زمانن، چونکە "زمانەکان هەمویان لەبەرخوردی کەس و کۆمەڵگەکان بە هەبوە سروشتییە مەتریاڵییەکەیانەوە هاتونەتە ئارا و ئامادەباشییە جینیتیکیەکەیان پشکواندوە" (حوسێن، محەمەد تەها، ٢٠١٨: ٢٥٤). واتە ئەوەی زمانێکی لەیەکێکی تر فراوانتر و بەهیزتر کردوە، تواناکانی بەرهەمهێنانی هێزبوە لای ئەو کۆمەڵگایە و لاوازی و ستی هەر زمانێکیش پەیوەستە بەرادەی بەهێزی و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو زمانە لای ئەو کۆمەڵگایە. زمان وەک منداڵێک وایە، ئەوەندەی پەروەردە دەکرێت، گەشە دەکات و دەوڵەمەند دەبێت. نەتوانینی دەربڕینی دروست و قوڵ و بیرکردنەوە بەهەر زمانێک ڕەنگە پێشێلکردنی خودی زمانەکە بێت، نەک لاوازی خودی زمانەکە. بۆیە ئەمە بەتەواوی پێچەوانەی ئەو بۆچونەیە، کە ساڵانێکە لای ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکان دەوترێتەوە، کە گوایە زمانی کوردی هەژارە و بە ئاسانی دەرنابڕدرێت و ناتوانرێت بێ بەزمانی زانست.

یەکێک لە ئەرکەکانی زمان پەیوەندیکردنە و بەردەوامیدانیشە بەم پەیوەندییە. کورد دەڵێت: **قسە قسە ڕادەکێشێ. یان قسە قسە دەردێنێ.. قسە لە قسە هەڵدەستێ.** (موحەمەدی، خەلیل، ١٣٩٤: ١٤٤٥) ئەگەر قسە گوزارشتێ لەزمان، مانای وایە زمان خۆی هەوێنی بەردەوامی و فراوانبونی خۆیەتی. لەم پەندەدا دەوڵەمەندی و بەتوانایی زمان نیشاندراوە لە پاراستن و ڕێکخستن و بەردەوامیدان بە پەیوەندییەکان. زمان سیفەتی وروژێنەری و بەردەوامیدانی تێدایە بەتایبەت لەکاتی گفتوگۆکردن و وەڵامدانەوەدا ئەم خاسییەتەی زمان زیاتر خۆی نمایش دەکات. لەم پەندەدا زمان دەبێتە هۆی گواستنەوە و وروژاندنی بیر و سەرهەڵدانی هزری تازە لای گوێگر. "فراوان بون و پێشکەوتنی بەردەوام، یەکێک لە سیما دیار و بەرچاوەکانی بیری مرۆڤ. گومانی تێدا نییە هۆکاریک لەپشت ئەو پێشکەوتنەوەیە، کە زمانە. بونیادی پێکهاتەیی زمان سیمای بەرهەمداری سیستماتیکی بە بیر دەبەخشێت" (داود، محمد محمد، ٢٠١٩: ٢٢٧). واتە مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوە، کە لەبنەڕەتدا بونیادێکی هزرییە، تاکە ڕێگایە بۆ زانین و دەرخستنی بۆتە هزرییەکانی تری مرۆڤ. بۆنمونە مرۆڤ لەکاتی گفتوگۆکردندا بەبێ ویستی خۆی کۆدە شاراوەکانی خۆی کەشف دەکات، چونکە زمان بریتییە لە کۆمەڵێک بۆ

بۆتەی هزری بەیەکدا چو و یەکتری تەواو دەکەن و بەردەوامیش لە فراوان بون و گەشەکردندایە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لای چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

زمان بەرهەمی هەڵکەوتەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکانە. بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ لە ڕەفتاری زمانی و قسەکردنیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری شارەزایی پیشتر و ئاستی پێگەیشتویی و ڕۆشنبیریی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی. لەم بارەیەوە پەندمان هەیە دەڵێت: **قسە لە کەشی خۆیا سەوزەبێ.** (عەلیزادە، خالید، ٢٠١٣: ١٢٣) واتە قسە لەکاتی خۆی بکرێ، خێرا سەوز دەبێ و بەردەگرێ. لەم پەندەدا زمان وەک بونەوەرێکی زیندو نیشاندراوە. کە لەتوانای هەیە گەشەبکات و بەرهەمداربێت، بێگومان ئەگەر لە قاڤی خۆیدا بکرێ بتوانرێت ئامانجەکەی بپێکێت. ئەم پەندە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و ژینگەدا هەیە، ژینگەی زمانیش بریتییە لەو فەزا کۆمەڵایەتی و کلتورییەی، کە تییایدا لەدایک بوە. کەواتە زمان زادەی کلتورە. کلتوریش چۆنییەتی شێوازی ژیانە بەهەمو وردەکارییەکانەوە. ''کلتور کۆی هەمو ئەو دەستکەوت و داهێنانە ماددی و مەعنەوییە جێگیرانەیە، کە دەوردەبینن لە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵ'' (سابیر، ڕەفیق، ٢٠٠٨: ١٨). بە پێی ئەم بۆچونە کلتور لەدوبەشی سەرەکی پێکدێت؛ کلتوری ماددی و کلتوری مەعنەوی. ماددی هەمو ئەو شتانە دەگریتەوە کە مرۆڤ بەدەستی خۆی دروستی کردون و کەلوپەلی بەرجەستەن، لای هەرنەتەوەیەکیش مۆرکی تایبەتی ئەو نەتەوەیە وەردەگرن بۆ ئەو دەگەڕێنەوە. هەرچی کلتوری مەعنەوییە لە دەرەوەی پێنج هەستەکەی مرۆڤە، واتە پێداویستییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ پردەکاتەوە. بۆنمونە زمان و ئایین و دابونەریت و...هتد. لەگەڵ ئەوەی زمان بەشێکە لە کلتور خودی کلتورەکەش بەتەواوی پێکهاتەکانییەوە لەناو زماندا بونی هەیە. زمانە جیاوازەکان بەڵگەی بونی کلتورە جیاوازەکانە. بۆیە هەرزمانێکیش جیهانبینی تایبەتی خۆی هەیە.

کورد دەڵێت: **دەنگی لە تێرییەوە دێ.** (خاڵ، شێخ محممەد، ١٩٧٨: ٣٥٨) واتە لە ڕوانگەی بارودۆخی خۆیەوە خوێندنەوە بۆ ڕوداوەکان دەکات. لەم پەندەدا وێنەیەکی خودی زمان نیشاندراوە و مرۆڤ لەڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە جیهان. ئەم خودەش لەرێگەی زمانەوە بەرجەستە دەبێت. کەواتە نەک جیهانبینی تاک، بەلکو جیهانبینی کۆمەڵیش بەزمانەکەیەوە بەندە. هەروەک چۆن پێشینان گوتویانە: **هەرکەس گوێز لە هەمبانەی خۆی ئەژمێرێ.** سروشتی مرۆڤ وایە لەکوانوی ئەزمون و تێگەیشتن و ژیانی خۆیەوە خویندنەوە بۆ بابەت و ڕوداوەکانی دەوروبەری دەکات. بێگومان بۆ ئەمەش داوای یارمەتی لەزمان دەکات. زمان توانای ئاخاوتن و بیرکردنەوەی مرۆڤ دیاری دەکات.

هەروەها دەستنیشانکردنی بەها کلتورییەکان لە ڕێگەی زمانی پەندەکوردییەکانەوە یارمەتیدەرمانە بۆ تێگەیشتن لە جیاوازییە کلتورییەکان، لە ئەنجامدا بۆ تێگەیشتن لە یەکتریش. زمانی پەندەکان وەک زمانی ڕەسەنی هەرنەتەوەیەک ڕەنگدانەوەی کلتور و لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی بیرکردنەوەیەتی. لەم ڕووەوە تیروانینی مانای قوڵی پەندەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، چونکە حیکمەتی چەندین ساڵەی مرۆڤەکان وەک لە ئاوێنەیەک لە پەندەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. زمانیشیان گوزارشت لە واقیعی کلتوری کۆمەڵگای کوردی دەکات.

## ئەنجامەکان:

١- پەندی پیشینانی کوردی بەشێکی دانەبڕاوە لە جیهانبینی کورد و ڕەنگدانەوەی چەشنە چەقبەستوەکان و ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری. زمانیش لەم پەندانەدا وەک بانکی یادەوەری بەکۆمەڵ و مەعریفەی کلتوری کۆمەڵگەی کوردی و ئاخێوەرانی کورد کاردەکات.

٢- بیرکردنەوەی نەتەوەی کورد بۆ چەمکی زمان زۆر قوڵە. لە هەڵگرتنی ئەو ئەرکانەی لەسەر شانییەتیی، چونکە زمان لەم پەندانەدا تەنیا ئامرازێک نییە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و پەیوەندیکردن، بەڵکو کۆمەڵێک ئەرکی کۆمەڵایەتی و هزری لەسەر شانە.

٣- تێڕوانینی کوردانە بۆ گرنگی زمان ڕێژەییە، بنەمای شیکاری ئەم پەندانە پێمان دەڵێن؛ گەورەیی و گرنگی ڕۆڵی زمان، پەیوەستە بە ئەندازەی چۆنییەتی و چەندێتی بەکارهێنانی زمان. گرینگیدان بە شێوازی بەکارهێنانی زمان لەم پەندانەدا پشکی شێری بەرکەوتوە، لەهێنانی خۆشبەختی و بەدبەختی بۆ خاوەنەکەی.

٤- پەیامی سەرەکی بیری کوردانە لەم پەندانەدا، میانڕەوییە لەبەکارهێنانی زماندا. ئەوەی بێدەنگ بێت سەلامەتی دەدۆزێتەوە، ئەوەی زیاتر قسە بکات پەشیمانی دەدۆزێتەوە. کەواتە نە بێدەنگی ڕەها و نەزۆر قسەکردن هیچیان پەسەند نیین.

٥- بەپێی لێکدانەوەی بیری کوردانە هەردو هەژمونی "کۆمەڵایەتی و خودی" کار لە زمانی تاک دەکەن. لە بەشێک لەم پەندانە شوناسی زمان وەک دیاردەیەکی خودی ویناکراوە، واتە زمان وەک فاکتەریک لە ژێر دەسەڵاتی خودی مرۆڤ دایە، دەتوانێت بەوجۆرەی کە دەیەوێت ڕامی بکات. لە هەندێکی تریاندا زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و زادەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کلتورییەیە، کە تیایدا سەرهەڵدەدات.

٦- بەوردبونەوە لەناوەڕۆکی ئەم پەندانە، بۆمان دەردەکەوێت، کە کورد بیرکردنەوەیەکی زانستی وردی نیشان داوە، لەپرۆسەی دروستبونی زماندا. پێمان دەڵێت؛ زمان و بیرکردنەوە وەک دو کرداری هزری مێشک پەیوەندییەکی بەهێز و توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە. بەهێزبون و لاوازبونی هەریەکێکیان لەویتریان ڕەنگ دەداتەوە.

٧- تێگەیشتنی کورد بۆ زمان تێگەیشتنێکی لۆژیکانەیە. کورد پێی وایە زمان وەک بونەوەرێکی زیندو بەردەوام لەگۆڕان و گەشەسەندن دایە، ئەم گۆڕانەش لە ناو خودی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت و پەیوەستیشە بە ڕاددەی خزمەتکردنییەوە.

٨- کورد لەم پەندانەدا تێگەیشتنێکی بنچینەیی بۆ چەمکی زمان هەیە، زمان ڕەگەزێکی کلتورە و ڕۆڵەکانی نەتەوەش بەزمان پەروەردە دەکرێن، لەڕێگەی زمانیشەوە هزری کۆمەڵیان بۆ دەگوازرێتەوە و چەمکی تریشیان لا دروستدەبێت. جگە لەوەی زمان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەدروستکردن و بەردەوامیدان بە پەیوەندییەکان و دابینکردنی پیداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ.

# The Language identity in Kurdish proverbs

Pareshan Khalid Sabir[1] - Sirwan Jabbar Amin[2]

[1]Department of Kurdish, College of Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish, College of Language, University of Soran, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Despite the fact that language is an integral part of the personal and social identities of any nation, it contains other dimensions of national identity such as culture, religion, history and politics.

It is a known fact that language is a national wealth because language is a source of memory, tradition, thought, feelings and passions of people. It is a historical archive of words, phrases, terms and expressions. In other words, it is the history of those ideas, events and feelings that have become words, sentences and terms that are preserved in language. Every expression in language signifies an idea outside of itself. Therefore, it is safe to say that language of any nation represents its true identity alive.

This research has been conducted under the title "language Identity in Kurdish Proverbs". Many language characteristics can be shown through research on the content of Kurdish proverbs. To do so, those proverbs have been selected that directly or indirectly represent language. In doing so, one can be familiarised with the Kurdish view of language in terms of its use, guidance and education. This research is an attempt to gather information about the Kurds by the Kurds themselves rather than external researchers. For that purpose, descriptive and analytics methods are employed to interpret the content of the proverbs that contain language identity. The incentive of the research is to uncover the verbal role of these proverbs in tracing the Kurdish language identity and in showing their Kurdish perspective on the concept of language.

**Keywords**: Identity, Language, Proverbs, Kurd.

## سەرچاوەکان:


-بەهرامی، ئەحمەد، (١٣٩٤) هەتاوی، پەندی پیران و فەرمودەی ژیران، ب١، چ١، زانکۆی کوردستان-سنە.

-جەوهەر، یاسین ئاشور، (٢٠١٩)، قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵییەکان، کاریگەریان لەسەر لەسەر بونیادنانەوەی عێراق نوێ لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، گ. زانکۆی گەرمیان، ژ. (٥).

-حوسێن، محەمەد تەها، (٢٠١٨)، سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردی، ناوەندی فیربون بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر.

-خاڵ، شێخ محەمەدی، (١٩٧١)، پەندی پێشینان، بغداد.

-دەباغی، مەلا غەفوری، (٢٠١٠)، پەندی پێشینان، کتێبی دەنگی بوە، زریان محمەد کردویەتی بەpdf.

-دەشتەکی، عومەر شێخەڵلا، (٢٠٠٦)، پەندی کوردی: چیرۆکەکەی، ئینستوتی کەلەپوری کوردی، چ١، هەولێر.

-ڕەسوڵ، عیززەدین مستەفا، (١٩٧٠)، چاپخانەی جاحظ، بەغدا.

-سائیب، مستەفا و کاکینە، (٢٠٠١)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ١، سلێمانی.

-سەجادی، سەید عەبدولحەمید حیرەت، (٢٠١٠) پەندی پێشینان، چ٢، چاپخانەی ئاراس- هەولێر.

-عەلیزادە، خالید، (٢٠١٣ )، پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ) ی سەقز، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

-کانی هەمزەیی، بەکر، (٢٠١٥)، لێکدانەوەی (١٠٠٠) پەندی کوردی، چ١، ب١، سلێمانی.

-گۆران، یاسین حەسەن،(٢٠٠٦)، پەند و بەسەرهاتی کوردی، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

-موحەمەدی، خەلیل، (١٣٩٤) هەتەوی، زەردەی دەم کەل(فەرهەنگ)، ب١و٢، دانشگاە کوردستان سنندج.


## سەرچاوە عەرەبیەکان:


-الحفيان، فيصل، (٢٠١٨)، "اللغة والهوية إشكاليات المفاهيم وجدل العلاقات"، مجلة التسامح – العدد الخامس، مسقط، وزارة الأوقاف والشؤون الدينية.

-القذافي، رمضان محمد/ الدويبي، عبد السلام بشير، (٢٠١٠)، علم النفس الاجتماعي، المكتب الجامعي الحديث، ط.١، الإسكندرية، مصر.

-المناوي، محمد عبد الرؤوف، (١٩٩٠)، التوقيف على مهمات التعاريف، تحقيق محمد رضوان الداية. دار الفكر: دمشق.

-بشار، كمال، (١٩٩٨)، دراسات في علم اللغة، الناشر: دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

خرما، نايف، و حجاج، علي، (١٩٩٨)، اللغات األجنبية : تعليمها وتعلمها . سلسلة عالم المعرفة .الكويت .

-داود، محمد محمد، (٢٠١٩)، *العلاقة* جدلية *بين اللغة* والفكر، دار نهضة مصر للنشر، القاهرة.

-علوان، محمد السيد، (١٩٩٩)، المجتمع وقضايا اللغة، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية.

-عمر، د.احمد علي، (٢٠١٩)، لغة الضاد هوية الأمة وثقافتها الواقع والمستقبل، مجلة نور الشام السنة الثامنة- ١٤٤٠ هـ، العدد ٥٦.

-فرانكل، فكتور، (٢٠١٤)، ادارة المعنى و اللغة...، ت: د.ايمان فوزي، دار زهراء الشرق، القاهرة.

-كالفي، لويس جان، (٢٠٠٨)، حرب اللغات و السياسات اللغوية ت. د. حسن حمزة. بيروت.

-كريستال، ديفيد، (٢٠٠٦)، موت اللغة، ت. فهد مسعد اللهبي، جامعة تبوك.

-وافي، علي عبد الواحد، (٢٠٠٣) اللغة والمجتمع. ط٤، شركة مكتبات عكاظ للنشر والتوزيع، جدة.

-https://kurdistanmedia.com/so/news.

- https://dengekan. ٢٠١٨ عدولقادر، بۆتان لەتیف، زمان و ناسنامە لەنێوان ڕەسەنێتی و نامۆییدا، ٢٠١٨

-http://penus.krd. .٢٠١٨ نادر، جەلیل عەباس، ناسنامە، ٢٠١٨

-https://www.basnews.com. ٢٠١٩ قەرەداخی، عەتا، زمان و نەتەوە، ٢٠١٩

-https://asoyroj.com. ٢٠١٩ زاهیدی، مستەفا، زمان و زمانی نەتەوەیی، ٢٠١٩